# توند و تیژی بۆچی؟ کیێ توند و تیژه

تامان شاكر



دەكرێ ئەمە پرسیارێك بێت هەر هەموومان سەرەتا لە خۆمانی بكەین و دواتر لە خەڵكی تر .توندو تیژی بۆچی وەكێ توندو تیژی بە كاردێنی لە كۆمەڵگە

كاتیك مرۆڤ لە دایك دەبێت، نازانێ رق و توندو تیژی چییە، ئەوە كۆمەڵگەو مرۆڤەكانن، لە تەمەنێكی زۆر زووەوە فێری توندتیژیمان دەكەن و دەیكەن بە بەشێك لە كاراكتەری مرۆڤ

تا وایلێهاتووە توندوو تیژی بووە بە تایبەتمەندی مرۆڤ و مرۆڤەكان لە یەكتری دەترسن،منداڵ لە دایك و باوك دەترسی ، ژن لە باوك و براو مێرد و سەركارو دەوروبەری.

لەم سەردەمەدا مرۆڤ ئەوەندەی لە توندو تیژی كەسە نزیكەكانی دەترسێ لە كارەسات و رووداوە سروشتیەكان ناترسێ و بیریشی لێناكاتەوە، هەموو دونیا بانگەشەی ئاشتی و یەكسانی وماڤی مرۆڤ دەكات، كەچی لە هەموو شوێنێك شەڕە،شەری دەسەلاّت ، شەری ناسنامە، شەری پارە، ئەو چەكانەی ئەمرۆ بەكاردەهێنرێ لە سەدەكانی ڕابردوودا لە دوو شەری جیهانی گەورەدا بەكار نەدەهینرا ، ئەگەرچی لەو كاتەدا جیهان سەرقاڵی شەڕی سارد بوو،ئەمرۆ بێجگە لەشەری چەكداری شەری فەرهەنگی و كلتووریش لە برەودانە.

كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی رەق و پڕاو پڕە لە توندو تیژی ، زمانی شەق و جنێو هەمیشە ئامادەیە ، زمانی گفتوگۆ دەگمەنە خەڵك فێری ئەوە نەبووە دیالۆگ بكات، هەركەس دەیەوێ هێزی خۆی تاقی بكاتەوە بەرامبەر ئەوانی تر .

ئەوانەشی كە زۆرترین توندوو تیژی بەكاردەهێنن خاوەن دەسەلاّتەكانن . مەبەست لەوەیە هەركەسێك دەسەلاّتێكی لە دەست بێت توندوو تیژە ، دەسەلاّت بەرامبەر بە خەڵك، باوك بەرامبەر بە ژن و منداڵەكانی برا بەرامبەر بە خوشك و برا بچوكەكانی، كە باوك دیار نەبێت دایك توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵەكانی بەكاردەهینێ، مەبەست لەو توندوو تیژیەش سەپاندنی دەسەلاّتی خۆیانە بەسەر كەسانی لە خۆیان لاوازتر ،

لە كۆمەڵگەی ئێمە لە ئاستی هۆشیاری بەرز دانییەوكە تاكەكان، یان حیزبەكان یەكتر قبووڵ بكەن ، ئەگەر حیزبەكانی كوردستان یەكتریان قبووڵ بكردایە هەرگیز شەری یەكتر كوشتن لەسەر دەسەلاّت رووی نەدەدا.لە ناوخیزانیش بە هەمان شێوە باوك دەسەلاتی بالاّیە، كاتێك هەست بە ململانێ بكات لە نێو خیزانەكەی ناكۆكی دیتە ئاراوە، ئەو دەیەوێت هەموو پرس و رایەكی ژیانی خێزانەكەی لەدەست ئەو دابێت، بە حكومی ئەوەی ئەو پارە پەیدا دەكات و ژیانی ئەوانی تر دابین دەكات، بۆیە دەیەوێ منداڵەكانی بەو شێوەیە بن كە ئەو دەیەوێ نەك بەو شێوەییەی كە خۆیان دەیانەوێ، دایك حەزدەكات كچەكانی وەك خۆی بن و بەدیار ماڵ ومنداڵی خۆیان دابنیشن ئەگەر رۆژانە بەشیان هەر لێدان و سوكایەتی بێت بێئاگان لەوەی كە ئەمرۆ دونیا گۆڕاوەو ژیان شێوازێكی تری وەرگرتووە . لێرەدا توندو تیژی دەستپێدەكات و چونكە یەكتر قبووڵ كردن نییە،كەواتە ئێمە هەوڵمان نەداوە كەسەكان وەخۆیان قبووڵ بكەین هەوڵ دەدەین بەوشێوەیە بن كە ئێمە پێمان باشە و ئێمە دەمانەوێ، بێئاگا لەوەی كە مرۆڤ بە جیاوازییەكانیانەوە جوانن، .

توندو تیژی پەیوەندی بە دەمارگیرییەوە هەیە ، كەسێك كە لە ناو حیزبێكە ئەوەندە دەمارگیرە كە ئەگەر حیزبەكەی هەڵەش بكات ئەو هەر بەراستی دەزانی و بەرگری لێدەكات و ئامادەشە توندو تیژی بەكاربهێنی بەرامبەر بەوانەی كە رەخنە لە حیزبەكەی دەگرن .

باوك لە ماڵەوە بێئاگایە لەوەی منداڵەكانی گەورە دەبن و دەبنە خاوەن كەسایەتی و بیروو بۆچۆونی خۆیان، وە ئەویش دەسەلاّتێكی هاوشێوەی خۆی قبولێ نییە بۆیە توندوو تیژی بەرامبەر بە منداڵەكانی بەكاردەهێنی ونایەوێ ئەو سیستەمەی ئەو دروستی كردووە لە ماڵ توشی داڕمان بێت، كۆمەڵگەی كوردی دەقی بە سیستەمی باوكسالارییەوە گرتووەو نایەوێ هەرەسی پیببینی چونكە ئەگەر ئەو سیستەمە نەمێنی وا دەزانی لە دەسەلاّتی ئەو كەمدەبێتەوە بۆیە بە كوشتن لە ژێر هەرناوێك بەرگری لێدەكات .كەواتە ئەوانەی دەسەلاّتیان هەیەو هۆشیاریان نییە توندو تیژی بەكاردەهێنن بۆ مانەوەی خۆیان پیاوێك كاتێك ژنەكەی دەكوژێت خۆی بە خاوەنی جەستەو رۆحی ئەو ژنە دەزانی چونكە لە پرۆسەیەكی كڕین و

**فرۆشتن بووە بە هاوژینی و هەندێك جاریش بە نابەدڵی، وە لەبەر ئەوەی لە بری هەندیك مارەیی ئەو شەرعییەتیەی پێدراوە کە ببێتە خاوەنی جەستەی ئەو ژنە ، دەیەوێ تا کۆتایی دەستی بەسەر دابگرێت، ئەگەر ئەو ژنە بەو رازیش نەبێت، بۆ کەمکردنەوە توندو تیژی دەبیت فیری گویگرتن و دیالۆگ بین، گویگرتن لە یەکتری کاتیك مرۆڤ گوی لە بەرامبەرەکەی دەگریت ، هەولدەدات لیی تیبگات ،**